

# چاوخشاندنێك بەناو چوارینە بڵاونەكراوەكانی بابا تاهیری هەمەدانیدا

نیعمەت زەحمەتكێش

حەزرەتی بابا تاهیر لە تاكە چوارینەیەكدا ئایین و نەتەوەی خۆی دەناسێنیٚ:

| | |
|---|---|
| دەرویش لەكمو ئێعجاز دێرم | دووسی چوی خوشین دەمساز دێرم |
| مەعشوقی وەناو فاتمە لوٚڕ | سنەوبەر قامەتی پڕ ناز دێرم |

ئایینی یارسان یەكێكە لەو سەرچاوە گرینگانە بۆ ژیانەوەو لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتیی شارستانیەتی رابردووی گەلی كوردو ئاشكرابوونی نهێنییەكانی مێژووی وێژەی كوردی بە دەستی ئەو دەقە دێرینانەی ئایینی یارسانەوە گرێیان باز دەبیٚو تیشكی رووناكییان دەكەوێتە سەر.

زۆربەی كتێبە مێژوویی ئەدەبیەكانی كورد ئاماژەیان كردووە، كە بابا تاهیر كورد بووە، یان چوارینەكانی ئەو بە سەرەتای ئەدەبیاتی كوردی پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زانیوەو لەسەر ئەو باوەڕە بوونە كە بابا تاهیر بە زمانی پاكو پەتیی كوردی چوارینەی هەبووەو لەلای یارسانەكان پارێزراوە. لەبەر نهێنیبوونی تێكیستەكانی ئەهلی حەق لە رابردوو بەداخەوە دەستی نووسەران و لێكۆڵەوەران پێی نەگەیشتووەو هەر بەم بۆنەوە لە نێو مێژووی وێژەی كوردیدا جێیان بەتاڵە.

بەر لەوەی بمەویٚ ئەو چوارینە كوردیانەی بابا تاهیر كە بەشێكن لە وتە پیرۆزەكانی رێبەرانی یارسان لە سەدەی پێنجەمی كۆچیدا بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز، دەمەویٚ ئاماژەیەكی

کورتم هەبێ لە بیروڕای زانایانی کوردو غەیرە کورد لە بارەی هەبوونی چوارینەی کوردیی بابا تاهیر لەناو کوردانی پەیڕەوی ئاییني یارسان لە کوردستان.

خوالێخۆشبوو دکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە گۆڤاری جیهانی ئیسلامیدا لە لاپەڕەی 40دا ئەڵێ: (بابا تاهیر چەند هۆنراوەی بە زمانی کوردی شێوەی گۆرانی پەتی داناوەو ئەم هۆنراوانە لەلای گۆرانییەکاندا باوە (لە ناوچەی کرماشان‌و کوردستان ئێران بە پەیڕەوانی یارسان دەڵێن گووران)و دەماودەم ئەیگێڕنەوە بابا تاهیر ئەو هۆنراوانەی ناردووە بۆ یارسانەکان بۆ ئەوە لە بیروباوەڕیان تێبگەن‌و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە خۆی لە سەری بووە).

هەروەها دکتۆر سەدیق سەفی زادە لە بارەی ئەو هۆنراوانەوە دەڵێ: هەندێ لەو هۆنراوانە لە پەرتوکی (سەرەنجام)دا ماوەو لەگەڵ ئەو دوو بەیتییانەی کە لە پەرتووکخانەی (قونیا) لە وڵاتی تورکیە یەکئەگرنەوە.

حیشمەت الله خالقی هەرسینی بابا تاهیر ناس، کە ماوەی بیست ساڵە لەسەر چوارنیەکانی بابا تاهیر کار دەکات، پێیوایە کە نزیکەی 58 چوارینە لە چوارینەکانی بابا تاهیر بە زمانی کوردی لە ناو ئەهلی حەقەکانی لوڕستان‌و لەکستان بەدەستیهێناوەو توانیویەتی لەگەڵ دەقە پارێزراوەکانی کتێبخانەی (قونیا) بەراوردیان بکات‌و هەستی بە هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوانیاندا نەکردووە.

نووسەرو لێکۆڵینەر ئەحمەد مەجیدی یەزدان پەناه لە پێشەکیی کتێبی ڕۆستەم‌و زنون دانراوەی سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەنولەییدا ئاماژەی کردووە بە ئەو 58 چوارینە کوردییەی بابا تاهیر، کە لە ناو ئەهلی حەقەکانی لوڕستان پارێزراوەو بڕێك لەو چوارینانە لە پێشەکیی کتێبەکەی نووسیوە.

دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبە بەنرخەکەی خۆیدا بەناوی (لە بابەتی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە) لە لاپەڕەی 98-99 لەبارەی بابا تاهیرەوە دەڵێ: لە هاوینی ساڵی 1956زاییني کاتێ کە زەیارەتی ئارامگای بابا تاهیرم کرد لە هەمەدان مەجێورەکان‌و ئەو خەڵکەی لەوێ بوون بە شێوەی گۆرانی زمانی کوردی گفتوگۆیان دەکرد.

مینورسکی لەم لایەنەوە ئەڵێ لە کتێبی (سەرەنجام)دا 13 چوارینەی بابا تاهیرم دۆزیەوە، هەروەها هاوڕێیانی ئەهلی حەقم 31 چوارینەی تریان بۆم ڕەوانەکردو درێژە بە باسەکەی ئەداو دەڵێ: ئەم بەڵگەو بەڵگەی تریش زۆرە بۆ ئەوەی کە بابا تاهیر کورد بووەو شێوە زاراوەی زۆری زمانی کوردیی زانیوە، نەوەکو تەنیا شێوەی لوڕی زمانی کوردی یا شێوەیەکی ناوچەیی دەوروبەری هەمەدانی تێکەڵ بە لوڕی.

لەم لایەنەوە لە سەرەتای ساڵی 1968 زاییندا کاریگەریی زانستی ئەرمەنستان گۆرگین ئاکاپۆڤ هاتبووە شاری لینینگراد، لە بابەت بابا تاهیرەوە ئەمەی بۆ گێڕامەوە: (لە ساڵی 1943 زاییندا ڕۆژێکیان لە تاران لەگەڵ ڕەشید یاسمی دانیشتبووین. سەدری قازیش لەوێ بوو. باس هاتە سەر (بابا تاهیر)، ڕەشید یاسمی دێڕە شیعرێکی بابا تاهیری خوێندەوە، کە گوایە ئەویش لە کابرایەکی پیری بیستبوو. دێڕە شیعرەکە ئەمەیە:

کێ گوتی ك نینە ل دۆنیادا راز ئەڤ کە من شەیدای تایەم راز نینە

واتە: (کێ دەڵێ لە دنیادا ڕاستی نییە. ئایا ئەوە ڕاستی نییە کە من شەیدای تۆم؟).

له ئاكۆپۆڤم پرسی: ئەی نەتوت بۆچی ئەم دێڕە شیعرەی بابا تاهیری نەخستۆتە دیوانەکەیەوە.

وتی: نەخێر.

مامۆستا خەزنەدار لەبارەی ئەم دێڕە شیعرەی سەرەوە دەڵێ: ئەم دێڕە شیعرە کوردییە دیارە بە زمانێکی تێکەڵاو نووسراوە. جەوهەری گەلێ لە شێوەکانی زمانی کوردی تێدایە، هەروەها لەڕووی ناوەرۆکیشەوە لە دنیای شیعری بابا تاهیر دەکا.

متمانەترین و گرینگترین سەرچاوە بۆ زانیاری لەبارەی بابا تاهیرەوە کتێبی (سەرەنجام) دەورەی شاخۆشینە، کە ساخترین سەرچاوەیە بۆ مێژووی وێژەی کوردی، کە باسی ژیانی زانایانی سەدەی پێنجەمی کۆچی یارسان دەکاو یەکی لەو زانایانە بابا تاهیری بەناوبانگ بووە، کە زۆربەی چوارینەکانی بەشێوەیەکی رەسەن لەو کتێبە پیرۆزەدا پارێزراوەو هەروەها لەلایەن زانایان و نووسەرانی ئەم سەردەمەوە سەدەکانی پێشوو و ئەو راستییە روون و ئاشکرایە، کە بابا تاهیر لە یاران و پەیڕەوانی مەکتەبی شاخۆشین بووەو هەر بەم بۆنەوە هۆنراوەکانی بە شێوەیەکی پیرۆز لە کتێبی سەرەنجامدا هاتووەو یارسانەکانیش لەگەڵ تەنبووردا لە جەمخانەکان دەیخوێننەوە.

تەنانەت هۆنراوەکانی خاتوون فاتمە لوڕەی هاودەرویشی ئەو کەمتر کەسێك باس لە شاعیر بوونی کردووە، بەڵام لە کتێبی (سەرەنجام)دا ئەو هۆنراوانەی ئەویش کە بە کلام بەناوبانگن و بە شێوەی گۆرانیی زمانی کوردی هەڵبەستراون لە بەشێکی تایبەت بە سەدەی پێنجەمی کۆچی تەرخانکراون و ناوی خۆیانی لەسەریدا نووسراوە.

لێرەدا بەر لەوەی کە بمەوێ هۆنراوەکانی ئەو دوو زانایەی کوردە بهێنمەوە دەمەوێ باس لە چاوپێکەوتنێکی ئەوان و حەزرەتی شاخۆشین بکەم، کە دیدارێکی مێژوویی بووە لەنێو شاخۆشین و زانایانی کوردی سەدەی پێنجەمی کۆچی.

دکتۆر سەدیق سەفی زادە بەشێوەی رەوایەت باسی ئەو چاوپێکەوتن و میوانداریيەی بابا تاهیرو فاتمە لوڕەی لە شاخۆشین کردووە، بەڵام من لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستا سەفی زادە دەمەوێ باسی ئەو چاوپێکەوتنە بەو شێوەی کە لە کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)دا هاتووە بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی هێژا.

شاخۆشین گەشت و گێڵێکی مێژوویی هەبووە بەناو کوردستاندا، کە بەناوبانگە بە (گەشتی شاخۆشین لە یافتەکو تا شاهۆ یا لە لوڕستان تا هەورامان) بە ئەم دوو شێوە لە کتێبی (سەرەنجام)دا باسی ئەو گەشتە کراوە. لەو گەشتەدا کە زۆربەی هونەرمەندان و شاعیرانی ئەو سەردەمەی یارسان لەگەڵیدا بوونە و لە مێژووی یارساندا بە نۆسەی نۆسەی یا نۆهسەد نۆهسەدەی شاخۆشین ناوی هاتووەو زۆربەیان مۆسیقاژەن و شاعیر بوون، پاش گەڕانەوەیان لە شارەزوورو هەورامان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ زانایانی ئەو سەردەمەی کورددا بۆ دواینجار چوونەتە سەردانی بابا تاهیرو فاتمە لوڕە لە دێی (ئارۆمەنی) هەمەدان و ئەو هۆنراوانەی خوارەوە کە بە کەلامی یارسان بەناوبانگن و تایبەتن بە سەردەمی پێنجەمی کۆچی، باسی ئەو چاوپێکەوتنە دەکەن:

بێوەن کەڵام وان شاناش وە شاهۆ — ژ شاهۆ خۆشین شیو وە هەڵوەن کۆ

ژ هەڵوەن کۆ دا شا شی وە ئارومەن — شا چەنی مێردان شاخۆشین پەسەن

خەڵك هەمەدان ئامان وە پێشواز    سەرو ماڵ كەردەن گرد وە پایەنداز
شا واتش وە خەڵك خاران زاهیر    وادەی مێوانم وە یانەی تاهیر
شاخۆشین خۆشنام قەدەم رەنجە كەرد    تەشریف وە یانەی بابا تاهیر بەرد
تاهیر ژ هەیبەت شا ئاما وەدەر    چو وەسەر یانەی قاپێش كەفت وە سەر
شا پرسا تاهیر ئینە چیشەن چیش    فەرق پیشانیت پەی چیش بیەن ریش.

**بابا تاهیر وەڵامی شاخۆشین دەداتەوە:**

ئا كەسێ هەواخواتە فەرق ئەو حونینە    سەرینش خشتە بالینش زەوینە
شا حەرف تاهیر وەنەش ئاما گەس    شینە جامەی قار چەرخەنا فەرەس
فاتمە جامە وە خەڵكی سانا    واتش لوا هانا سەد هانا
واتش دەخیلەن وەنەت عەیانن    مەزانی جامەم نە دیگرانەن
شا كە ئید ژ نەفت پا هاوردەوە    جا نوسەدە گەردین كەردەوە
تاهیر نەدار بی هیچ نەمەوەرد راه    یەعنی بكەرو میوانی شاه
شاخۆشین ئەورۆ كەرم نمانا    پا لەوز شیرین فاتمە وا نا
بە قەدی برنج چەن دانە فلفل    داوە فاتمە چیشتكەرو حاسل
فاتمە سانا نەخواجای خاموش    كەردش وە دیكێ هەرمەدانش جوش
دەس ژ فاتمە بەرەكەت ژ شا    چیشت نوسەدە وە ئا دیكەدا

**شاخۆشین‌و بابا تاهیرو فاتمە لوڕە دوای نانخوادن دەكەونە گفتوگۆ:**
**بابا تاهیر ئەفەرمێ:**

یا شا هەر كەسن شاهش توی حالش هەمیە    سەرینش خشت‌و بالینش زەوینە
جۆرمی ئەز ئیدە ك تۆ را دوست دێرم    هەر ئان یارش توی حالش چنینە
**شاخۆشین وەڵامی دەداتەوەو دەفەرمێ:**
تاهیر شەو سارا نەكردم مەیل وا مەیل    تەڵەو كەسێ كەرد سوختەش بی وە زەیل
ئەگەر رەنگ رێژان عالم حالم بزانن    جوملە رەنگ رێژان ژ من بەرن نەیل

**فاتمە لوڕە ئەفەرمێ:**

رازداریم رازداری یاریم    وە فەرمان شا رازداری یاریم
شا هەم بەزەگیش ئاما وە زاریم    راز كەرد وە دەرمان دەردەكەی كاریم
گیان پەری چیشەن    هەر كەس تو دارو گیان پەری چیشەن
وە ناومت قەسەم دەرونم ئیشەن    بێ تو گیان و زیل هەمیشە ریشەن
زیل كەران رەوشەن    یاران وە خۆشین زیل كەران رەوشەن
سەر سپردە بان وە یاری وە شەن    بسازان پەری ویتانا جەوشەن

ئەم چوارینانەی خوارەوە بەشێکن لەو 58 چوارینە کوردیانەی (بابا تاهیر)، حیشمەت الله خالقی لەناو ئەهلی حەقەکانی لوڕستاندا کۆیانیکردۆتەوەو مەجید یەزدان پەناه لە سەرەتای کتێبی رۆستەمو زنونی سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەنۆلەیی هێناویە. لە ئەم چوارینانەدا بابا تاهیر خۆی سەر بە ئێلی لەکی کوردو موریدی حەزرەتی شاخۆشین رێبەری ئایین یارسان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی پێمان دەناسێنێ، دەفەرمێ:

| | |
|---|---|
| دەرویش لەکم ئەعجاز دێرم | دووسی چوی خۆشین دەمساز دێرم |
| مەعشوقی وەناو فاتمە لۆڕ | سنەوبەر قامەتی پڕ ناز دێرم |

★ ★ ★

| | |
|---|---|
| مژ هێلم لەدەن سەرمایە دێرم | قەڵایەکم ژ کوە پایە دێرم |
| ئەگەر خەم بی خۆراك شەو رۆژم | دووسی چوی خۆشین هەمسایە دێرم |

★ ★ ★

| | |
|---|---|
| دەرویش مەسلەك وە ئاگر مەجازم | نە بو حاجەتی بەرتەختو تاجم |
| فەرامۆشم بیەن دونیای خاکی | لە باس عاشقی کەردەن رواجم |

★ ★ ★

| | |
|---|---|
| چونان فەسڵ وەهارە شەو یاران | تلوع روی یارە شەو یاران |
| بەوری تا بادەی وەسڵەت بنوشیم | کە مەرگ ئینتزارە شەو یاران |

★ ★ ★

| | |
|---|---|
| وە دەرك سان عشقت موباتەڵا بیم | ئەسر پەنجەی تێژ بەڵا بیم |
| نەزانستم کە یار بێ وەفای | خەتا کردم کە وەگەردت ئاشنا بیم |

**سەرچاوەکان:**


1.سەرەنجام کتێبی پیرۆزی ئایینی یارسان.
2.دەورەی شاخۆشین سەدەی پێنجەمی کۆچی (دەستنووس، کۆکردنەوەی سام الدین تبریزیان).
3.لە بابەت مێژووی وێژەی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار.
4.مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، دکتۆر سەدیق سەفی زادە.
5.دیوانە گەورەی گۆران، نووسراوەی سەید محەمەد حوسەینی.
6.کردهای گوران، ترجمە سیروس ایزدی.
7.رستمو زنون، الماس خان کندولەیی، تصحیح مجید یزدان پناە.